www.kurdistannet.org
27-6-2006 23:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بە فیدات بم ... کەمال خولامی

بە فیدات بم ئەو دەمانەی...
نەسیمێک لە رۆحتەوە دێت
ئاوێزانی رۆحم ئەبێت.. !
بە فیدات بم ئەو سەحەرەی
شەونمێک دزە ئەکاتە سەرسنگی گوڵ
تا تێر نەخوات... بەری نادات
بە فیدات بم... هەر شەفەقێک
لە پەنجەرەی خەیاڵێکی بەهاریدا
چاوت پڕ ئەبێ لە من و گیانت پڕ ئەبێ لە من و
خۆشت منی...
بە فیدات بم ئەی ئەوکەسەی کە لەچاوانما ئەژیت و
لێشیان وونی.. !
نازدارەکەم
بە فیدات بم ئەو دەمانەی
وەک بولبولێک چڵ بە چڵێ
هەست و رۆحم.. بۆ تەی ئەکەیت
تا دەروونت مەودات ئەدات...
تا چی.. ؟ ووشەی عەشق بازی و وەفا هەیە
بە ئاوایی رۆحما نەبەیت
ئۆقرە ناگری و ووچان نادەیت
نازدارەکەم
بە فیدات بم
خۆ من بۆ تۆ لە دایک بووم..
بۆ تۆ ئەژیم..
بۆ تۆ زیندووم